# ئامۆژگاری بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرپرسەکانیان فەرمانی ناشەرعیان پێ دەکەن

[ kurdish – کوردی – كردي ]

شێخ موحەممەد ساڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# نصيحة للموظفين الذين يأمرهم رؤساؤهم بما لا يجوز شرعا

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# ئامۆژگاری بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرپرسەکانیان فەرمانی ناشەرعیان پێ دەکەن

ئـەم پرسیـارە ئاڕاستـەی ماڵپـەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە:

**پرسیار:** داواکارم چەند ئامۆژگارییەك پێشکەش بکەن بەو فەرمانبەرە موسڵمانانە بۆ ئەوەی ڕازی نەبن بە جێ بەجێکردنی فەرمانی ئەو بەرپرسانەی کە داوای ئەنجامدانی کارێکیان لێ دەکەن لەڕووی شەرعەوە دروست نییە، وە هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخسێنن کە داوای کارێکی لەو شێوەیەیان لێ بکەن ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئامۆژگاری ئەو فەرمانبەرانە دەکەین کە بەرپرسەکانیان داوای جێ بەجێکردنی کارێکی ناشەرعییان لێ دەکەن، کە بەهیچ شێوەیەك

گوێڕایەڵییان نەبن، چونکە وەك ئاشکرایە بنەمایەکی گرنگمان هەیە دەڵێت : ( لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق ) واتا : نابێت گوێڕایەڵێ دروستکراوەکانی خوا بکەیت بە بێ فەرمانی وسەرپێچی کردنی پەروەردگاری خالقی گەردوون، پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « لَا طَاعَةَ فِي مَعْصِيَةٍ ، إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ » [ رواه البخاري (٧٢٥٧) ، ومسلم (١٨٤٠)] .

واتا : گوێڕایەڵی کردن ( بۆ مەخلوقات) نابێت لە سەرپێچی کردنی خوای گەورەدا بێت، بەڵکو تەنها دەبێت گوێڕایەڵی کردن لەو کارانەدا بێت کە کاری چاکە وڕێگا پێدراوون .

هەروەها فەرموویەتی:« لَا طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ » [رواه أحمد ١٠٩٨] .

واتا : نابێت گوێڕایەڵێ دروستکراوەکانی خوا بکەیت بە بێ فەرمانی وسەرپێچی کردنی پەروەردگاری گەورە وبالادەست .

پێویستە ئامۆژگاری ئەو بەرپرس و بەرێوەبەرەیش بکرێت و خوای گەورەیان بەبیر بهێنرێتەوە، و ئەوەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە کە خواردنی ماڵی حەرام ئامانجەکەی سەرگەردانییە، ئەگەر هاتوو بەگوێیان کردن ئەوە سوپاسی خوای گەورە بکرێت، خۆ ئەگەر هاتوو هەر سوور بوون لەسەر کاری حەرامی خۆیان ئەوا دروست نییە فەرمانبەر بەشداری بێت لە کارێکی حەرامی لەو شێوەیەدا، ئەگەر هاتوو توانی کارەکانی خۆی بکات بەبێ ئەوەی تێکەڵاوی حەرام بێت یان یارمەتیدانی حەرامی تێدا بێت، ئەوە بۆی دروستە کە بەردەوام بێت لەسەر کاری خۆی تا ئەو کاتەی کارێکی تر بەدی دەکات و سەرپێچی شەرع و خوای گەورەی تێدا نابینێت .

خۆ ئەگەر هاتوو هەر نەیتوانی کارەکەی بکات بەبێ تێکەڵاو بوونی لەگەڵ کاری ناشەرعی و حەرامدا، ئەوا دروست نییە لەسەر کارەکەی بەردەوام بێت، بەڵکو پێویستە وازی لێ بهێنێت، و بەشوێن کارێکی تردا بگەڕێت، و بە یارمەتی خوای گەورەش دەستی دەکەوێت، چونکە خوای

گەورە کەفالەتی ئەو کەسەی کردووە کە لەخوای گەورە دەترسێت و تەقوای خوای هەیە کە ڕزق و ڕۆزی بۆ دابین بکات و بەرەکەت بخاتە تێیەوە، وەك فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجاً * وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْراً ﴾ [سورة الطلاق : ٢ -٣ ] .

واتا : جا ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە خوا دەرووی لێ دەکاتەوە * لە شوێنێکەوە ڕزق و ڕۆزی پێ دەبەخشێت کە حسابی بۆ نەکردبێت و خۆی پێی نازانێت، جا ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت، ئەو زاتەی بەسە، بۆ ئەوەی یاریدەدەری بێت، چونکە بەڕاستی خوا کارو فەرمانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بێگومان خوا بۆ هەموو شتێک نەخشەیەکی دیاریکراوی بڕیارداوە (کە دەبێت پەیڕەوی بکرێت) .

پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : «إِنَّكَ لَنْ تَدَعَ شَيْئًا اتِّقَاءَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا أَعْطَاكَ اللَّهُ خَيْرًا مِنْهُ » [ رواه أحمد (٢٠٧٣٩) وصححه شعيب الأرنؤوط في تحقيق المسند ] .

واتا : بێگومان تۆ واز لە هیچ شتێك ناهێنیت لەبەر ڕەزامەندی خوا و ترسان لێی، ئیلا پەروەردگار باشتر و چاکترت پێ دەبەخشێت .

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام .